# گاتایەک لەسەردەمی غەریب ی دا

بۆ مەرگی هاوڕیَ و خوشکم (واحیدە ) خان

شیعری :ئیبراهیم هەورامانی

بەرلە سەمای چۆلەکە تەڕبووەکانی بەرباران
بەرلەوەرینی گەلاَ ،لەڕاچەنینی درەخت
نەئەستیرەیەکم شک برد ،
هاوەڵم بیَ
لەعومریَکی غەریبانەی ئەبەدی دا
نەلاوانەوەیەکی ڕۆح
دەستی گرتم
لەشەوە دەیجورەکانی بیَ تۆییدا.
بەخۆم نی یە
هەرگیز بۆنی پیاسەی تەنیایی
هەنگاوەکانمان
لەزاکیرەی بەردەوام بوونی ژیان دا
وون نابیَ .
بەخۆم نی یە
بە تەنیا دیَمەوە لای تۆ
بەتەنیا گویَ لەسرووەتەکانی ڕۆح دەگرم
بەتەنیا دەبمەوە
هاودەمی
عومری

غەریبی .
بەتەنیا دەبمەوە
شنەبای درەختێکی کورت بالای
گۆڕەکەت .
لەکویَ بم
لەهەرکویَ
لەحزووری گەورەییتا نەبیَ .
نە چاوو
نە دڵ و
نە ڕۆحم
ئۆقرە ناگریَ